# پەروەردە

## پەروەردە بۆ هەمووان، بۆ داهاتوویێکی باشتر.

لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣/٢٠٢٢ و دەستپێکردنی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران، منداڵانی پەنابەر و پەناخواز لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە قوتابخانە حکومییەکان لە کەمپ و ناوشار و شارۆچکەکاندا ناویان تۆمار دەکەن.

## پرسیارە باوەکان

### ١. سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چی یە؟

سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران، سیاسەتێکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە پاڵپشتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی پەروەردە پەرەی پێدراوە بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵانی پەنابەران و پەناخوازان لەسەر بنەمای یەکسانی وەک منداڵانی کۆمەڵگای خانەخۆیی دەستیان بە خوێندنی ئاست بەرز بگات. ئامانجی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران، پاراستنی خۆڕاگری پەنابەران و پەناخوازانە لە کاتی ئاوارەبوونی درێژخایەن و باشترکردنی دەرفەتەکان بۆ تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخۆیی بۆ ئەوەی ڕێگە بەهەموو منداڵان و گەنجان بدرێت لەناوچە زیانلێکەوتووەکانی قەیرانەکان دەستیان بە دەرفەتەکان بگات بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە و کارامەیی کە دەبێتە هۆی خۆکۆکردنەوە و بەشداریکردنی مەدەنی و گشتگیری ئابووری.

### ٢. کەی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران جێبەجێ دەکرێت؟

سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران وردە وردە جێبەجێ دەکرێت لە گەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی ئەکادیمی ٢٠٢٣/٢٠٢٢. لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ ەوە تا ١٥ی ئابی ٢٠٢٢، منداڵانی پەنابەر و پەناخواز کە لە پۆلەکانی ١، ٢، ٣، و ٤ لە قوتابخانەی سەرەتایی دەخوێنن، ناویان تۆمار دەکرێت لە قوتابخانە حکومییەکان و مەنهەجی قوتابخانە کوردیەکان کە خوێندن بە زمانی کوردی پەیڕەو دەکرێت.

## ٣. بۆچی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران جێبەجێ دەکرێت؟

سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران جەخت دەکاتەوە لەسەر تێکەڵکردنی پەنابەران و پەناخوازان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە دڵنیابوون لەوەی کە منداڵان باشترین دەستپێکیان دەبێت بۆ تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگەی کوردی. ڕێگە بە منداڵان دەدات فێری زمانەکە ببن بە پەیڕەوکردنی هەمان مەنهەجی منداڵانی کورد، پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ منداڵانی کورد لەڕێی ئامادەبوونیان لەهەمان قوتابخانە و هەمان دەرفەتی یەکسانی منداڵانی ناوخۆیان دەبێت.

دەستگەیشتن بە خوێندنی ئاست بەرز و گشتگیر و دادپەروەرانە لە سیستەمی نیشتمانیدا، هەلومەرجێک دروست دەکات کە منداڵان و گەنجان بتوانن فێربن و گەشە بکەن و تواناکانیان پەرەپێبدەن لەبنیاتنانی خۆڕاگری تاک و بەکۆمەڵ و ئەزموون و دانوستان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و بەشداری کۆمەڵگاکانیان بکەن. تێکەڵبوون باشترین بژاردەیە بۆ منداڵان و گەنجانی پەنابەران و پەناخوازان وکۆمەڵگای خانەخوێ.

یەکسانی لەدەستگەیشتن بە پەروەردەی ئاست بەرز و گشتگیر پێویستی بە پشت بەستن بە خودە. دەستگەیشتن بە خوێندنی سەرەتایی ئاست بەرز ڕێگە بە کوڕان و کچانی پەنابەری گەنج دەدات بەردەوام بن لە خوێندنی ناوەندی، ناویان لە پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و هەروەها پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا تۆمار بکەن هەروەها یارمەتییان دەدات بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زیاتر بۆ کارکردن.

## ٤. چۆن سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران جیاکاری نەکردنی منداڵانی پەنابەر و پەناخواز مسۆگەر دەکات؟

حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق بە پاڵپشتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکانی، دڵنیایی دەدات کە مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و کارمەندانی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان لەسەر پاراستنی منداڵان و گشتگیری ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی بنەماکانی جیاکاری نەکردن. هەروەها پرۆژەکانی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پەرە بە لێکتێگەیشتنی یەکتر دەدەن لە نێوان کۆمەڵگاکانی پەنابەر و خانەخوێ.

مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی لە ناوەندی ڕێڕەوی فێربوونی هەموو منداڵێکدان. ئەوان دەستگەیشتن بەو کۆمەڵە کارامەییە بنەڕەتیانەی کە هەموو منداڵێک پێویستی پێیەتی بۆ سەرکەوتن لە خوێندنی سەرەتایی و دواتریش دابین دەکەن. مامۆستایان بە ڕاهێنانی پەیوەندیداری وەک پەرەپێدانی پیشەیی، سەرچاوە، پشتگیری پێداگۆژی، لەوانەش پێداویستییەکانی پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی ژینگەی فێربوونی سەلامەت، وگشتگیر و ئاست بەرز پشتگیری دەکرێن.

پشتگیری فێرکردن و فێربوون دەکرێت لە ڕێگەی دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ فێرکردن و فێربوون و بەرنامەدانان بە سەرکردایەتی کۆمەڵگا کەبەشداره لە فێربوون و پاڵنەر و پشتگیری و چاودێریکردنی بەردەوام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردە بۆ جێبەجێکردن و پاراستنی بنەما کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

## ٥. سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چۆن ڕێز لە کەلتوور و زمانی منداڵانی پەنابەر و پەناخواز دەگرێت؟

پەنابەران و پەناخوازان لە ماڵەوە بەردەوام دەبن لە قسەکردن بە زمانەکانی خۆیان، هەروەها منداڵانی پەنابەر و پەناخواز دەتوانن لە دەرەوەی قوتابخانە بەشداری پۆلەکانی زمانی عەرەبی بکەن. لە قوتابخانە حکومییەکان، زمانی عەرەبی وەک بەشێک لە مەنهەج دەوترێتەوە و چالاکییەکانی دەرەوەی مەنهەج کە گرنگی بە فێربوونی زمانی عەرەبی دەدەن دەتوانرێت لەلایەن پێکهاتەکانی ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکانەوە پشتگیری بکرێت.

تێکەڵبوون بە سیستەمی پەروەردەی نیشتمانی دەرفەتی زیاتر بۆ منداڵانی پەنابەر و پەناخواز دەڕەخسێنێت بۆ تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگای خانەخوێ و باشترکردنی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە. فێربوون پێکەوە لەگەڵ منداڵانی کۆمەڵگەی خانەخوێ یارمەتی منداڵانی پەنابەر و پەناخواز دەدات کە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێ دروست بکەن و لێکتێگەیشتنی یەکتر فەراهەم بکەن.

## ٦. بۆچی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران ڕێگە نادات منداڵان بە زمانی عەرەبی مەنهەجی کوردی بخوێنن؟

ئامانجی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران بریتیە لە پشتگیریکردنی منداڵانی پەنابەر و پەناخواز بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دانپێدانراو کە دەتوانێت ببێتە هۆی رەخساندنی دەرفەتی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و هەروەها دەستگەیشتن بە خوێندنی باڵا و ڕاهێنانی پیشەیی و بژێوی. پەیڕەوکردنی مەنهەجی کوردی بە زمانی کوردی وەک زمانی فێرکردن ئەم دەرفەتانە زیاد دەکات و بناغەی تێکەڵکردنێکی سەرکەوتوو دادەنێت.

## ٧. جێبەجێکردنی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چۆن پاڵپشتی دایکان و باوکان دەکات لە پاڵپشتیکردنی منداڵەکانیان لە دەوامی قوتابخانەی کوردستانیاندا؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی پەروەردە پاڵپشتی لە دابینکردنی وانەی کوردی بۆ دایك و باوکان دەکات لە چوارچێوەی سیاسەتی تێکەڵکردنی

خوێندنی پەنابەران . ئەم جۆرە وانانە بێ بەرامبەر پێشکەش دەکرێت و کراوە دەبێت بۆ هەموو ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکانیان لەقوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەن.

## ٨. جێبەجێکردنی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چۆن پشتگیری منداڵان دەکات بۆ سەرکەوتن لە قوتابخانە سەرەڕای زیانەکانی زمانیان؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی پەروەردە ڕاهێنان بە مامۆستایان دەکات لەسەر ڕێگاکانی تێکەڵکردنەوە و پاڵپشتی پێشکەش دەکات لە ڕێگەی دابین کردنی کۆرسەکانی زمان و پۆلەکانی چاکسازی بۆ منداڵانی پەنابەر و پەناخواز کە پێویستیان بە پاڵپشتی زیاترە.

## ٩. سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چ کاریگەرییەکی لەسەر دانپێدانانی بەڵگەنامەکانی قوتابخانەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە؟

سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران پەرە بە دەستگەیشتن بە خوێندنی فەرمی لە سیستەمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات. بەم پێیە، هەموو ئەو بڕوانامەی بەدەستهاتوون لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە ناوخۆی عێراقدا دانپێدانراون و ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە خوێندنی ناوەندی و باڵا و ڕاهێنانی پیشەیی و دامەزراندنی فەرمی دەکات.

## ١٠. سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چۆن پرسی یەکسانکردنی بڕوانامە چارەسەر دەکات بۆ ئەوانەی کە لە وڵاتی بنەڕەتی خۆیان خوێندوویانە بەڵام ناتوانن دەستیان بە بەڵگەنامەکان بگات؟

لە چوارچێوەی پەرەپێدانی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران، حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمێک دادەڕێژێت کە ڕێگە بە منداڵانی بێ بەڵگەنامەی پەروەردە دەدات تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن. ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە بەکاردێت بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی و زانیارییان و دیاریکردنی ئەوەی منداڵان لەکام پۆلی قوتابخانەی قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانن ناویان تۆمار بکەن.

## ١١. سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چۆن کێشەی گواستنەوە بۆ قوتابخانە چارەسەر دەکات؟

منداڵانی پەنابەر و پەناخواز دەتوانن لە نزیکترین ناوچەی نیشتەجێبوونیان ناویان تۆمار بکەن لە قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەمەش، پێویستی بە پاڵپشتی گواستنەوە کەم دەبێتەوە. بۆ ساڵی خوێندنی ئەکادیمی ٢٠٢٣/٢٠٢٢ و لەسەر بنەمای پێویستی، ئەو پشتگیری گواستنەوەیەی کەلەلایەن هاوبەشەکانی پەروەردەوە دابین دەکرێت بەردەوام دەبێت تەنها بۆ ئەو منداڵانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان زیاتر لە 5کم دوورە لە نزیکترین قوتابخانەوە.

## ١٢. ئایا ئەو قوتابیانەی لە پۆلەکانی ٥ تا ١٢ ی ئامادەیی دەخوێنن لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣/٢٠٢٢ سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەرانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت ؟

سیاسەتی تێکەڵکردنی  پەروەردەی پەنابەران وردە وردە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و سەرەتا گرنگی بە دەستگەیشتن بە قوتابخانە حکومییەکان دەدات لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە پۆلەکانی ١ تا ٤ سەرەتایی دەخوێنن.  ئەو قوتابیانەی کە پۆلی ٥ تا ١٢ دەخوێنن بەردەوام دەبن لە خوێندن لە قوتابخانەکانی حکوومی بەڵام مەنهەجی کوردی دەخوێنن بە زمانی عەرەبی ، کە پێی دەوترێت سیستەمی پاراڵێل.

## ١٣. سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی منداڵانی دەرەوەی قوتابخانە و ئەو منداڵانە دەکات کە وازیان لە خوێندن هێناوە؟

منداڵانی پەنابەر و پەناخواز کە وازیان لە خوێندن هێناوە یان بڕێکی بەرچاو لە خوێندنیان لەدەستداوە، خوێندنی نافەرمی باوەڕپێکراویان بۆ دابین دەکرێت بۆ نموونە پۆلەکانی بەهێزکردن هەروەها  خوێندنی فەرمی وەک پرۆگرامەکانی پەروەردەی خێرا بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ناونوسکردنیان لە خوێندنی فەرمی لە پۆلی گونجاو بەپێی تەمەنیان.

## ١٤. منداڵان لە کوێدا پێویستە تۆمار بکرێن بۆ ئەوەی بەپێی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران بچنە قوتابخانە؟

دایکان و باوکان پێویستە منداڵەکانیان لە نزیکترین قوتابخانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان تۆمار بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە پێشکەش دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکارەکانی ناو تۆمارکردن بۆ هەر پۆلێک تکایە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوچەی نیشتەجێبوونتان بکەن. دەتوانن لێرەدا بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بدۆزنەوە و راوێژ بە زانیارییەکانی "گەڕانەوە بۆ فێربوون" بکەن کە لێرەدا پێشکەش کراون.

## ١٥. چ کاتێک پێویستە بۆ ناونوسکردنی منداڵان بەپێی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران لە سیستەمی خوێندنی نیشتمانی بۆ ساڵی خوێندنی ئەکادیمی ٢٠٢٢ / ٢٠٢٣؟

پرۆسەی ناونوسین لە سەرجەم قوتابخانەکان لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ تا ١٥ی ئابی ٢٠٢٢ دەست پێدەکات، قوتابخانەکان ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممەی هەموو هەفتەیەک داواکاری ناونوسین وەردەگرن.

## ١٦. چ بەڵگەنامەیەک پێویستە بۆ ناونوسکردنی منداڵان لە سیستەمی خوێندنی نیشتمانی بۆ ساڵی خوێندنی ئەکادیمی ٢٠٢٢ / ٢٠٢٣ بەپێی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران؟

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکارەکانی تۆمارکردن تکایە لێرەدا سەردانی زانیارییەکانی **"گەڕانەوە بۆ فێربوون"** بکەن.

## ١٧. بەپێی سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران چی بەسەر مامۆستایانی پەنابەردا دێت؟

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ / ٢٠٢٣ مامۆستایانی پەنابەر بەردەوام دەبن لە وانەوتنەوە لە پۆلەکانی ٥ تا ١٢، حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی پەروەردە ئاسانکاری بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان دەکەن بۆ ئەو مامۆستا پەنابەرانەی کە وانەی پۆلی ١ تا ٤ دەڵێنەوە.

## ١٨. سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران چۆن کەموکورتییەکانی سەبارەت بە ژێرخانی قوتابخانەکان وکەلێنەکانی خوێندنی ئاست بەرز لە کەمپ و شارەکاندا چارەسەر دەکات و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە منداڵانی کۆمەڵگەی خانەخوێ زەرەرمەند نابن؟

سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران دڵنیایی دەدات لەوەی کە مامۆستایان دەستیان بە کەرەستە و سەرچاوەی فێرکاری و ڕاهێنان بگات کە متمانەیان پێدەبەخشێت بۆ وانە وتنەوە و هەڵسەنگاندنی فێربوون و بەڕێوەبردنی بارودۆخەکان لە پۆلەکاندا لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ڕووبەڕووی ململانێ و ئاوارەبوون بوونەتەوە، هەروەها بۆ داواکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا لە پشتگیریکردنی فێربوون و چالاکییەکانی دەرەوەی مەنهەج کە بەشدارن لە سەرکەوتن و مانەوەی قوتابی.

ژێرخانی قوتابخانەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی پەروەردەوە پاڵپشتی دەکرێت. ئەم پشتگیرییە فراوانکردن و چاککردنەوەی پۆلەکان و هەروەها دروستکردنی ٣ قوتابخانە دەگرێتەوە. پشتگیرییەکە ئەولەویەت دەدات بەو قوتابخانە خانەخوێیانەی کە ژمارەی ناونوسکردنی منداڵانی پەنابەر و پەناخواز تیایاندا بەرزە.

## ١٩. لە کوێ دەتوانم نیگەرانییەکانم دەرببڕم و پرسیار سەبارەت بە سیاسەتی تێکەڵکردنی پەروەردەی پەنابەران و ناونوسینی قوتابخانەکان بکەم؟

- دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە بکەن لە شوێنی نیشتەجێبوونتان

  هەولێر
  - شەقامی پەروەردە، نزیک شەقامی پزیشکان

  سلێمانی
  - شەقامی سەروەری

  دهۆک
  - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە – بەرامبەر نەخۆشخانەی ئازادی
  - بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سێمێل، نزیک نەخۆشخانەی گشتی

- دەتوانن لێرە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بدۆزنەوە و ڕاوێژ بەو زانیاریانە بکەن کەلە "گەڕانەوە بۆ فێربوون" هاتووە.
- هەروەها دەتوانن پەیوەندی بکەن بە هاوبەشەکانی پەروەردە INTERSOS و NRC لەڕێی ئەو ناونیشانەی خوارەوە.

| هەولێر | دهۆک | سلێمانی |
|---|---|---|
| 07517416747<br>07511406552<br>07518014582 (واتساپ)<br>07518468297 (واتساپ) | 07502005416<br>07502005418 | 07540010800 |